
چیرۆکی وەرگەڕاو



عەزیز نەسین



# کەواتە نامناسیتەوە

لە تورکییەوە: بەکر شوانی

کەسێکی ناسراو بوو. ناوبانگی رۆژ بەڕۆژ دەنگی دەدایەوە و وای لێ هاتبوو لە ژێر قورساییی باری گرانی ناوبانگیدا نرکەی دەهات. رووی لە هەر کوێیەک دەکرد، دەناسرایەوە و بەو نیگایانەی تێی دەبڕدران، شپرزە دەبوو. لە ژێر ئەو نیگایانەدا هەستی دەکرد وەک کەروێشکی لە شەودا بە تیشکهاوێژی ئۆتۆمبیل بە شەوارەکەوتوو ترسنۆک و بێتوانایە و ناتوانێت شوێنێک بۆ خۆشاردنەوە بدۆزێتەوە. تاسەی رۆژانی نەناسراویی دەکرد. ئەگەر دەچووە ناو هەر ئاپۆڕەیەکەوە، رێک وەک ئەوە وا بوو بووبێت

بە تەڵەوە، چونکە رووی لە هەر لایەک بکردبایە بۆ هەڵهاتن، گوێی لێ دەبوو کەسانی ئەو لایە بەچرپە ناوی ئەم دەهێنن. کاتێک بە پێچەوانەی ئاراستەی ئەو چرپانەوە رای دەکرد، لووتی دەتەقی بە فسکەفسکی تردا. سەری لێ دەشێوا و نەیدەزانی چ بکات، کەللەیی دەبوو، شوێنێکی پێ شک نەدەبرا دەست و پێی لێ دابنێت. باڵ و رانەکانی، وەک ئەوەی باوڵێکی گران بن بە کۆڵییەوە، دەیکێشان بە ئێرە و ئەوێدا، چونکە بەردەوام ترسی ئەوە لە ناخیدا هەبوو کەسانی تر سەرکۆنەی بکەن، بە چاوی نزم بۆی بروانن، ئەمیان بەدڵ نەبێت و تانە و تەشەری لێ بدەن. دەترسا ئەوانی تر هەڵسوکەوت و رەفتارەکانی بە شایەنی ئەم نەزانن. ئەویان لە شوێنێکی تر و لە ئاستێکی زۆر بەرزتردا دەدی و باوەڕیشیان بەم بۆچوونەی خۆیان هەبوو. بۆیە دەیزانی ئەوانەی لە نزیکەوە دەیناسن، خەیاڵ شکاو دەبن. بۆ نموونە، ئەگەر قامکەکانی خۆی بتەقاندبان... نەخێر نەیدەتوانی بیانتەقێنێت... ئایا دەیتوانی پاش نان خواردن نێوان ددانەکانی بە چیلکەی ددان خاوێن بکاتەوە؟ نەخێر، چونکە بەردەوام چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرا رەفتاری زیاد لە پێویست رێزدارانە بنوێنێت. خۆ ئەگەر بەردەوامیش بەڕێزەوە رەفتاری بکردبایە، ئەوسا دەیانگوت مرۆڤێکی چەند لاساییکەرەوەیە.

هەر جارێک پێی دەنایە سەرپێ، پێ دەکەنی، قاقای لێ دەدا، قسەی دەکرد، دەکۆکی و دەپژمی، زمانی بەناو دەمیدا دەگێڕا و لووتی دەسڕی، ناچار دەبوو سەرنج بدات و بیر بکاتەوە داخۆ ئەوانی تر پێیان چۆنە و چی دەڵێن.

ئیتر وای لێ هاتبوو مرۆڤێک نا، دووان بوو؛ یەکێکیان کەسایەتیی راستەقینەی خۆی بوو، ئەویتریان کەسایەتیی دووەمی بوو وەک زرێی پۆڵاینی راوچییانی خانەدان بەسەر کەسایەتیی راستەقینەی خۆیدا لەبەری کردبوو... جۆری ئەوەی ئالا، قەڵغان، یان پانکارتێکی هەڵگرتبێت، ناچاربوو بەردەوام ئەو کەسایەتیی دووەمە لە پێش و دەرەوەی کەسایەتیی راستەقینەی خۆی هەڵبگرێت و بیگوازێتەوە. کەسایەتیی دووەمی پێشەوە و دەرەوەی خۆی، دەرهاویشتەی ناوبانگی خۆی و پڕ بەپێستی ویست و ئارەزووی کەسانی تر بوو. رووی لە هەر لایەک دەکرد، ناچار دەبوو کەسایەتیی دووەمیشی لە تەک خۆیدا ببات. ئەوی راستی بێت، بەدەست گواستنەوەی کەسایەتیی دووەمی خۆیەوە بڕسکی لێ بڕابوو. کەسایەتیی دووەمی لە پێوان، بڕین و دروونی ئەوانی تر بوو، هەر ئەوانیش کردبوویانە بەری. ئەمیش پێویست بوو بەپێی ویستی بەدیهێنەر و ئافرێنەرانی کەسایەتیی دووەم جلوبەرگ بپۆشێت و پێکەنین و دەنگی خۆی بە گوێرەی ویستی ئەوان جۆر بکات.

زۆر جاران ئەم پرسیارەی لە خۆی کردبوو: ئەگەر لە دەستم بێت، ئایا دەتوانم دەست لە کەسایەتیی دووەمم هەڵبگرم؟ ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ ڕۆژانی کۆن و دیسان ببمەوە بە کەسێکی بێ ناوبانگ، بەختەوەرتر دەبم؟ وەک گریمانەیەک، ئەگەر کەس نەمناسێت، ئایا بەو دۆخە ڕازی دەبم، یاخۆ دیسان هەوڵ دەدەم بۆ ئەوەی ناوبانگ دەربکەم؟

کاتێک پیاوانە وەڵامی ئەم پرسیارانەی خۆی دەدایەوە، بۆی ئاشکرا دەبوو ناتوانێت دەست لە ناوبانگ، واتا کەسایەتیی دووەمی خۆی هەڵبگرێت؛ دەست لێ هەڵگرتن بخەرە لاوە، بگرە دەیویست ناوبانگی خۆی گەورەتر بکات، زیاتر بڵاوی بکاتەوە، واتا دەیویست کەسایەتیی دووەمی کە وەک زرێیەکی پۆلایین بەسەر کەسایەتیی ڕاستەقینەی خۆیدا پۆشیبووی، قورستر و کێشی باری ئەم بارەی سەر شانی گرانتر بکات. بەڵام جاروبار خوازیار بوو بێ ئەوەی تەماشا و چاودێری بکرێت، بێ ئەوەی لۆمە بکرێت و ڕەخنەی لێ بگیرێت، ئەگەر بەدەگمەنیش بێت، بەشێوەی سەردەمانی پێش ناوبانگ دەرکردنی، وەک خۆی لێی ڕابکێشت و بژی. ئا ئەمە هەمووی تاسەی ئەو بوو. بەڵام نەخێر، کەسایەتیی دووەمی بەردەوام لە پێشەوە ڕاوەستا و مۆڵەتی ئەمەی نەدەدا؛ کار گەیشتبووە ڕادەیەک تەنانەت لە کاتی نووسینیشدا ناچاربوو بەجۆرێک بخەوێت وەک ئەوەی ئەوانی تر بۆیان دەستنیشان کردووە و بە دڵیانە. بۆ نموونە، هەندێک لەوانەی بە شەمەندەفەر گەشت دەکەن، دەتوانن سەر بخەنە سەر کورسی بەرگ قەدیفەیی و بنوون، لەوانەیە چەناگەیان بەر بێتەوە سەر سنگیان، پرخەیان بێت و بگرە دوور نییە بایشیان لێ ببێتەوە... گشت ئەمانە ئەگەر مایەی پێکەنینیش بن، دەکرێت حسێبی حاڵی مرۆییان بۆ بکرێت و لە بیر بکرێن، بەڵام ئەو ناتوانێت شتی لەو بابەتە بکات؛ ناوبانگی گەورە ئاستەنگە لە بەردەم ئەو حاڵە مرۆییانەدا.

هەستی کردبوو بە ویستی نوێ و خۆیشی نەیدەزانی هۆکار چییە. بۆ نموونە، پێش ناوبانگ دەرکردن حەزی نەدەکرد جنێوی پێ بدرێت و خۆشیی بە چارەی جنێوفرۆشاندا نەدەهات، کەچی ئەو ڕۆژانە لە قاڵبی ناوبانگی زۆردا بەردەوام لە ناخی خۆیدا ئارەزووی جنێودانی دەکرد، جا جنێوی پڕ بەدەم و خەست و مزر... جنێودانێکی پڕ بە دڵ، بە جۆرێک دوایی مرۆڤ ئۆخەی بکات و ئاسوودە بێت.

لە ڕابردووشدا حەزی لە گێڕانەوەی قسەی خۆش و گوێ لێگرتنی نەبوو، بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوە... بەهۆی قەتیسمانی لە سنووری ناوبانگی زۆریدا، لە ناخەوە حەز لە

گێڕانەوەی قسەی خۆش دەکات، تەنانەت بێ پەردەترین قسەش...

ئەوەندەی من بزانم بێزی لە تفکردن دەکردەوە. هەرگیز بەڵغەمی فڕێ نەدابووە سەر زەوی. بەڵام ئێستا لە دڵەوە بەردەوام بێزوو بە تف ڕۆکردنەوە دەکات؛ بەتایبەتیش لە شوێنە جەنجاڵەکان و بە پێش چاوی خەڵکەوە...

بووبوو بە دوژمنی باوەکوشتەی کەسایەتیی دووەمی ئافرێندراوی کۆمەڵگە. ئەوە کەسایەتییەک بوو جۆری زرێی شۆڕەسواران بەسەر کەسایەتیی یەکەمیدا پۆشیبووی. چ بکات، ناچاربوو مل بدات و لەو زرێیەدا بژی. تامەزرۆی ژیانێک بوو بە دڵی خۆی، بەڵام رەقی، سەختی و گۆشەی زرێی نەبیندراوی بەری هەلی بۆی نەدەرەخساند. فرە ئارەزووی دەکرد هەر هیچ نەبێت مانگی جارێک، ساڵی جارێک بیتوانیبا ماوەیەکی کورت لەو زرێ رەقە دەربچێت و رزگاری بێت. بەتایبەتیش پاش ئەوەی کەوتبووە داوی ئەڤینی ئەو ژنە جوانە، پێویستی دەکرد وەک کەسایەتیی راستەقینەی خۆی ژیان بەسەر ببات... دەیویست لە شوێنێکی دوور لە نیگای پشکێنەر و خۆ تێهەڵقورتێنەر، جێیەک کەسی لێ نەبێت ئەم بناسێت و لە پشتەوە بە چرپە ناوی بهێنێت، دووبەدوو لەگەڵ ئەو ژنە شۆخەدا بێت، بەڵام رووی لە هەر لایەک دەکرد، دەناسرایەوە. پاش بیرکردنەوە و راوێژ ئەم شوێنەی دیتبووەوە؛ شوێنێکی خۆش، لوکس، تەنانەت خاوێنیش نەبوو، سا چ بکات... ئەوەندەی بەسە بێزاری نەکەن و سەعاتێک بواری بدەن دووبەدوو لەگەڵ ئەو ژنە شۆخەدا بێت، چونکە هەوڵی دەدا خۆی لێ نزیک بکاتەوە. دەیویست بێ ئەوەی بە تیلەی چاو بۆی بڕوانن تا بزانن چ دەکات، بێ ئەوەی گوێی بۆ رابگرن و بزانن چ دەڵێت، بێ ئەوەی دانە بەدانەی رەفتارەکانی شی بکەنەوە و رەخنەی لێ بگرن، لەو شوێنە لە تەک ئەو شۆخە ژنەدا بخواتەوە و بدوێت. ئێرە بە هەموو شتێکییەوە مەیخانەیەکی پلە سێ بوو. ناوەوە جمەی دەهات، بەڵام کەس سەری بەرز نەکردبووەوە بۆ تەماشاکردنی ئەم. "چ بەختەوەرییەکی گەورەیە ئەگەر نەیانناسیبێتەوە!"

سەر مێز پڕ کرا لە قاپی بچووکی مەزە. ئارەقیان دەخواردەوە. کچێکی بچکۆلانە گوڵی هێنا. چەپکێکی گەورە گوڵی لە کچە کڕی، بێ ژماردن مشتێک پارەی دایە کچی گوڵفرۆش.

خەریک بوون پێکی سێیەمیان دەخواردەوە. گەیشتبووە هەوای خۆی. شادمان و دڵخۆش بوو. ئیتر دەیتوانی دەستەکانی ژنی جوان بگرێت... رێک لە کاتێدا خەریک بوو دەستی درێژ دەکرد، شتێکی بەسەر هات وەک ئەوەی چۆن مرۆڤ بێ تەماشاکردن هەندێک شت

دەبینێت. واتا بەهەست دیتی یەکێک لەوانەی دەوری مێزی پشتیانەوە هەڵسا و لەسەر کورسیی تەنیشت ئەمەوە دانیشت. رووی وەرگێرا و بۆ ئەو لایەی روانی. بەڵێ، پیاوێک لەسەر کورسیی تەنیشتی ئەم دانیشتبوو. کابرا چاکەتی داکەندبوو، یەخەی کردبووەوە و گرێی بۆیەنباخی ملیشی شل کردبووەوە. یارۆی بێ چاکەت خۆش خۆش بۆی پێ دەکەنی... دەیویست بەو پێکەنینە ئاوادارە پێی بڵێت من و تۆ یەکتر دەناسین و دۆستین. پێکەنینەکەی زیادی کرد و تا دەهات بە روخساریدا بڵاو دەبووەوە. ئەگەر بدوێت و وشەیەکی لە دەم بێتە دەرێ، ئاسان بوو، دەیتوانی وەڵامی بداتەوە. بەڵام قسەی نەدەکرد، تەنیا پێ دەکەنی. لەوانەیە ئەویش یەکێک بێت لەو سەدان هەزار کەسانەی تر. نەیدەویست وەک کەسایەتیی راستەقینەی خۆی، بگرە وەک کەسی نابەدڵ، واتە وەک کەسایەتیی دووەمی خۆی سەیری بکات. یارۆ بێ چاوترووکاندن تەماشای روخساری ئەمی دەکرد، ئەمیش لە بەرامبەریدا کەسایەتیی دووەمی بەسەر کەسایەتیی یەکەمی خۆیدا لەبەر کرد.

ئەگەر کەسێک بە کەڵلەڕەقی بۆ روخساری کەسێکی تر بڕوانێت و بۆی پێ بکەنێت، ئایا کەسی بەرامبەر چی دەکات؟ شوورەیی بوو ئەگەر رووی وەرگێڕابایە... ئەمیش بەدەم ئەوەوە پێ کەنی. هەوڵی دەدا بە هەمان واتا پێ بکەنێت وەک ئەوەی یارۆی بێ چاکەت بۆی پێ دەکەنێت. تاوێک بەو شێوەیە بۆ یەکتر پێ کەنین.

کابرای بێ چاکەت بە دەنگێکی زیزەوە گوتی:

– تۆ نامناسیتەوە!

نەیناسیبووەوە، بەڵام ئەو بەجۆرێک هاتبووە گۆ، کارێکی لەنگ دەبوو ئەگەر ئەم بیگوتبا نەیناسیوەتەوە. درۆش دەبوو ئەگەر بیگوتبا دەتناسمەوە. شتێکی گوت لە نێوان ئەو دووانەدا:

– ئەگەر ناسینەوە بڵێن، پێموابێت دەتانناسمەوە...

کابرای بێ چاکەت هەردوو قۆڵی تا ئەوپەڕی سنووری کردنەوە کردەوە و گوتی:

– ئەگەر دەمناسیتەوە، بەو شێوەیە رادەوستیت، بۆچی باوەشم لێ نادەیت؟

لەبەرئەوەی یارۆی بێ چاکەت بە قۆڵی کراوەوە چاوەڕێی دەکرد، شوورەیی بوو ئەم لە ئامێزی نەگرێت. ئەمە بە مەرجێک ئەم حەزی لەو جۆرە باوەشلێدان و لە ئامێزگرتنانە نەدەکرد. ئەمیش قۆڵەکانی خۆی کردەوە و باوەشی کرد بە کابرای بێ چاکەتدا. توند توند باوەشیان دا لە یەکتری. ئەگەر یارۆی بێ چاکەت ئەمی ماچ کرد، ئەمیش ناچار بوو ئەو

ماچ بکات. پاشان لەسەر کورسیی خۆی دانیشتەوە.

- نەخێر، نەخێر، تۆ نامناسیتەوە.

چاوەڕێ نەبوو پاش ئەو هەموو لە ئامێزگرتن و ڕامووسانە بڵێت تۆ نامناسیتەوە... خەریک بوو لە شێوە قسەکردنی کابرا بێزار دەبوو، چونکە "تۆ"ی بەکار دەهێنا، ئەمیش حەزی لەو شێوازە نەبوو.

- دەتانناسمەوە، بەڵام کاتێک لەپڕ ئێوەم دی...

- ئەگەر منت ناسیبێتەوە، بەو جۆرە ساردوسڕە منت ماچ نەدەکرد...

- بەڕێزتان هیچ نامۆ نین بە من، بەڵام...

- نا، نا، تۆ نامناسیتەوە...

- بمبوورن، لە کوێ یەکترمان ناسیوە؟

کابرای بێ چاکەت، وەک یەکێک بخوازێت باسی دۆستایەتی و ناسیاوی خۆی بکات، چەند جارێک کێشای بەشانی کابرای بەناوبانگدا و گوتی:

- گەردنت ئازاد بێت.

زۆری بۆ خۆی هێنا تا بیری بکەوێتەوە لە کوێوە دەیناسێت و کێیە. ئاخ ئەگەر هەر ئەوەندەی بیناسێتەوە، دوای دوو سێ قسە لە کۆڵی خۆی دەکاتەوە.

- چاوم پێتان کەوتووە، بەڵام...

- ئا دەی بیرێک بکەرەوە.

وەک کەسایەتیی ڕاستەقینەی خۆی دەیویست ئەمە بڵێت: "کورە جا ئەگەر نەتناسمەوە چ دەبێت؟ مەگەر ناچارم بتناسم؟ نابینیت لێرە لەگەڵ ژنێکدا دانیشتووم، ئایا ئێستا کاتی یەکترناسینەوەیە؟ هەی پیاوی نانەجیب."

دەیویست وا بڵێت، بەڵام نەیدەتوانی. ئەو کەسایەتیی دووەمەی وەک قفڵ لە کەسایەتیی ڕاستەقینەی خۆی دابوو، گوتی:

- زۆر بەداخەوە، نەمتوانی بەڕێزتان بناسمەوە.

- مخابن...

کەسایەتیی ڕاستەقینەی لە ژێرەوە هاواری کرد: "کورە بڕۆ لە کۆڵم بەوە، چ بەڵایەکیت!"

کەسایەتیی دووەمی دەرەوە بەڕێزەوە گوتی:

– بیرەوەریم زۆر لاوازە... ئەگەر سەرەداوێکم بدەنێ... ئایا لە چ مێژوویەکدا یەکتریمان ناسی؟

– دەوجا تۆ هەڵی بهێنە کەی یەکترمان ناسی.

لە ناخەوە گوتی: "دەک بەلای خوات لێ بدات نانەجیب!" وەک ئەوەی داوای هاوکاری بکات، بۆ روخساری ژنەی بەرامبەری روانی:

– ئەمساڵ یەکتریمان ناسی؟

– برۆ، زیاتر بۆ دواوە برۆ!

– ساڵی رابردوو؟

– زیاتر بۆ دواوە، زۆر زیاتر...

– کەواتە زووتر... دوو سێ ساڵ پێش ئێستا بوو؟

– برۆ، زۆر زیاتر برۆ بۆ دواوە...

شیاو نەبوو هاوڕێی منداڵی، قوتابخانە و سەربازی بێت، چونکە یارۆی بێ چاکەت لەم گەنجتر بوو.

– بمبوورن، نازانم.

– بوو بە یازدە ساڵی رەبەق، یازدە ساڵ...

پێویست بوو شتێک بگوترێت، بەڵام لەبەرئەوەی نەیزانی چ بڵێت، قسەیەکی تووڕەهاتی کرد و گوتی:

– توخوا... کەواتە ئەوەندە ساڵە... کات چەند خێرا تێ دەپەڕێت...

کابرای بێ چاکەت گوتی:

– ئای لەوە، خۆ هێشتا نامناسیتەوە.

بە خۆپێشاندانێکی بێزارانەوە گەڕایەوە بۆ لای برادەرانی لە دەوری مێزی پشتەوە.

یارۆی بەناوبانگ وەک ئەوەی لەبەر خۆشیی رزگاربوون ئۆخەی بکات، بۆ ژنەکەی روانی و لێوەکانی بە شێوەیەکی بازنەیی هێنایەوە یەک وەک ئەوەی بڵێت: ئۆخەی... هەر وا ئاسان نەبوو جارێکی تر بگاتەوە ئەو هەوا خۆشە. پێکی بەرز کردەوە و گوتی:

- با بخۆینەوە.

هێدی هێدی لە تەنگاویی ئافرێندراوی یارۆی بێ چاکەت رزگاریان بوو. ئەو زرێیەی بەسەر کەسایەتیی خۆیدا پۆشیبووی، دای کەند و فرێی دایە لاوە. قسەیان دەکرد و پێ دەکەنین. رێک کاتی هاتبوو؛ هەردوو دەستی لەسەر مێز بۆ ژنە درێژ کردبوو، لەوەدا بوو بە دەستەکانی ناولەپی ژنەی بەرامبەری بگوشێت، هەمان دەنگ لە مێزی تەنیشتییەوە هات.

- کەواتە ئێستا تۆ من ناناسیتەوە، ها؟

دیسان لەسەر کورسیی تەنیشت ئەمەوە دانیشتبوو، بە جۆرێک پرسیاری دەکرد وەک ئەوەی نەناسینەوەی ئەو تاوان بێت.

کابرای بەناوبانگ زرێی ئەستووری کەمێک لەمەوبەر داکەندراوی کردەوە بەر و گوتی:

- زۆر بەداخەوە، ناتانناسمەوە.

- کورە چۆن نامناسیتەوە. یازدە ساڵ بەر لە ئێستا... مانگی گوڵان... تەنانەت ناوەڕاستی گوڵان بوو...

- لە کوێ، شوێن کوێ بوو؟

- دە ئەوەش هەر خۆت بیدۆزەرەوە.

کابرای بەناوبانگ لە سوئادیە دادەنیشت. ئێستاش لە مەیخانەیەک بوون لە شوێنێکی ساریی‌ەر. بیری کردەوە لەوانەیە لە سوئادیە کابرای بێ چاکەتی ناسیبێت، بە خۆشیی هەڵهێنانەوە لێی پرسی:

- مەگەر لە سوئادیە یەکتریمان ناسیوە؟

- وەرە، وەرە. وەرە پێشەوە.

- لە قازیکۆی؟

- وەرە، وەرە، وەرە. زیاتر وەرە.

- بەرەو کوێ؟

- بەرەو ئەم شوێنەی لێی دانیشتووین.

کەواتە لە شوێنێکی نێوان قازیکۆی و سارییەر یەکتریان ناسیوە.

- قەرەکۆی؟

– زیاتر وەرە پێشەوە، وەرە...

– تەقسیم؟

– نزیک بوویتەوە. دەبا ئیتر خۆم بیڵێم: کۆشکی پێشانگەی وەرزش بهێنەرەوە بیری خۆت.

– بەڵێ؟

– بڕوانە ئێستا بیرت دەکەوێتەوە. یازدە ساڵ بەر لە ئێستا، ڕۆژی شازدەی گوڵان لە کۆشکی پێشانگەی وەرزش دانیشتنێکی کراوە ساز کرا... ئێستا بیرت کەوتەوە؟

کەواتە یەکێک بوو لە بەشدارانی ئەو دانیشتنە کراوەیە. باشە، بەڵام ئەم لەوێ لەگەڵ خەڵکانێکی زۆردا لە چەندین دانیشتندا بەشداری کردبوو... بۆ ئەوەی لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، نزیکبوونەوەیەکی درۆزنانەی پێشان دا:

– هاااا... بەڵێ، بەڵێ... ئاوەها...

کابرای بێ چاکەت پاش ماوەیەک ڕوانین بۆ ناو چاوی یارۆی بەناوبانگ گوتی:

– بۆم بڕوانە؛ من بەزۆر لێت دەرناهێنم... تۆ هێشتا نامناسیتەوە.

کابرای بەناوبانگ ویستی بە ڕوویدا بقیرێنێت و بڵێت: "ناتناسمەوە هەی پڕوپووچ. بڕۆ لە کۆڵم بەوە"، بەڵام کەسایەتیی دووەمی بەوپەڕی ڕێزەوە گوتی:

– دەتانناسمەوە بەڕێزم... چۆن ناتانناسمەوە... بێگومان دەتانناسمەوە.

– ئەگەر دەمناسیتەوە، ناوم بڵێ.

– هاااا، بڕوانن، من مێشکی ناو لەبەرکردنم نییە، ناو لە بیر دەکەم.

– کەواتە نامناسیتەوە، ها؟

– تکا دەکەم بەڕێزم...

– تەنانەت ئەو ڕۆژە قاتێکی قاوەییی هێڵدارم پۆشیبوو. بڕوانە ئێستا شتێکی تریش دەڵێم، ئەوسا بیرت دەکەوێتەوە. خۆ ئەگەر بەوەشدا نەمناسیتەوە، ئەوە گلەیی بێت! من لە بەرامبەر تۆ بووم لای چەپەوە.

– ئایا ئێوە لەو دانیشتنە کراوەیەدا وتاربێژ نەبوون؟

– نا گیانەکەم. لە ناو گوێگراندا بووم.

کەسایەتیی راستەقینەی لەوەدابوو بڵێت: "کورە هەی پیاوی لە خشتەبراو لەلایەن ژنی خۆتەوە، چۆن لە ناو پازدە هەزار گوێگردا بتناسم..."، کابرای بێ چاکەت روونکردنەوەی زیاتری دا:

– من لە پێشەوە بووم... تەنانەت پرسیارێکیشم لێت کرد... پێش ئەوەی پرسیارەکەشم بکەم، ناو و پاشناوی خۆمم گوت: سەبری بۆلجا.

هەمان پێکەنینی شیرینی سەرەتا کەوتەوە سەر لێوانی و بەو جۆرە بۆ یارۆی بەناوبانگی روانی.

– پاشان تۆ وەڵامی پرسیارەکەی منت فەرامۆش کرد و ناچار بووم خۆم روونی بکەمەوە. چۆن؟ ئێستا هاتەوە بیرت، وا نییە؟

کابرای بەناوبانگ بانگی شاگردی کرد و داوای پسوڵەی حسێبی کرد. پسووڵە هات. بۆ هەرچی زووتر رزگاربوون لە یارۆی بێ چاکەت، پارەیەکی گەورەی دا بە شاگرد و گوتی:

– پاشماوەکەی بۆ خۆت...

کابرای بێ چاکەت زۆر خراپ پیشی خواردبووەوە. جارێکی تریش گوتی:

– کەواتە ئێستا نامناسیتەوە، ها؟

کابرای بەناوبانگ وەک کەسایەتیی دووەمی پێش و دەرەوەی خۆی بە یارۆی بێ چاکەتی گوت:

– شەو باش بەڕێزم.

خۆی و ژنە هەڵسانە سەرپێ و رۆیشتن.

لە دوای کابرای بەناوبانگەوە گوتی: زۆر حەیف بوو... مخابن...

گەڕایەوە کن هاوڕێکانی دەوری مێزی پشتەوە و بەوانیشی گوت:

– ئەمانە هەر وان؛ بەردەوام خۆیان لە نەزانی دەدەن.

سەرچاوە: مانگرتنی گەورە، عەزیز نەسین، وەشانخانەی ئادەم، چاپی دووەم – ٢٠٠٣